# ئایا خوێنەری خۆشباوەڕمان بە جێ هێشتووە و بە خوێنەری نموونەیی گەیشتووین؟

زانیار محەمەد



١٦ی ئایار ٢٠٢٥ وتار

ئەوەی مرۆڤ نەتوانێت قسەی لەبارەوە بکات، پێویستە لێی بێدەنگ بێت.
ڤیتگنشتاین

تێ ناگەن بیرێك چەندی پێویستە، تا گۆڕانی بەسەردا بێت.
مارتن هایدیگەر

هەرگیز لەو ڕۆماننووســـانە تێ ناگەم، کە هەموو ســـاڵێك کتێب بڵاو دەکەنەوە. ئەوان ئەو چێژە لە دەست دەدەن، کە لە شەش، حەوت، هەشت ساڵی خۆئامادەکردن بۆ چیرۆکێك هەستی پێ دەکەیت... بۆ نووسینی (بەندۆڵی فۆکۆ) پێویستم بە هەشت ساڵ بوو.
ئیمبێرتۆ ئیکۆ

**لە ستایشی کۆمەڵانی خەڵکدا**

لە مەراسیمی ناشتنی تەرمی نیلسۆن ماندێلا لە دێسەمبەری 2013، باراك ئۆبامای سەرۆکی ئەو کاتەی ئەمەریکا، گوتار پێشـــکەشی ئامادەبووان دەکات. پاش مەراســـیم، دەردەکەوێت ئەو کەسـەی گوتارەکە، بە زمانی هێما و ئاماژەی دەست بۆ نابیستان وەردەگێڕێت، هەر لە خۆوە و بە هەڵە دەیکات. ســـلاڤۆی ژیژەك دەڵێت ئەوە ڕاســـتەقینەترین ئەکتی ناو ئەو کەرنەڤاڵە بوو، بگرە گوزارشتی حەقیقی بوو لە  مەراسیمەکە.

لە مەراســـیمی ئیمزاکردنی کتێبەکانی 'بەختیار عەلی'دا، لاوێکی خوێنگەرم لە ڕیزی خوێنەران، لە بەردەم مایکی میدیادا دەڵێت «ڕۆمانەکانی مامۆســـتا بەختیار عەلی دەخوێنمەوە، بە تایبەت (کەشـــتیی باڵندە ســـپییەکان) ســـەرنجی منی ڕاکێشـــاوە». ئەوەی ئەم لاوە دەیڵێت «کەشـتیی-باڵندە- سـپییەکان»، کە بە تێکەڵی و لێکدراویی، ناونیشـانی سێ ڕۆمانی 'بەختیار عەلی'ن، ڕاستەقینەترین گوزارشتە لە مەراسیم و کەرنەڤاڵەکە.

ئایا پێویستمان بە نیگای نوێ و جیاواز و گوماناوی، بۆ ڕوانین لەو قەرەباڵغی و ئاپۆڕەیە نییە، کە بە دەوری نووسـەر و کتێبدا دروسـت دەکرێن؟ خۆشـباوەڕی نییە، وێنەی گەڕەلاوژە و ســـەرەگرتنی خەڵك فریومان بدات؟ مەرجە هەموو ئەوانەی لە ســـەرەدان، خوێنەر بن، دڵخۆشـمان بکەن و جێگەی شـانازی بن؟ ئاسـاییيە سـڵ لە کۆمەڵانی خەڵك نەکەینەوە؟ کاتێك ئاگاداری بیری فریدریك نیچە و مارتن هایدیگەر و ولیەم ڕایش و گۆستاڤ لۆبۆن بین، هەواداران دڵخۆشمان دەکەن، یان نیگەرانی و گومان و دوودڵیمان بۆ دێنن؟
یادەوەریی کۆمەڵانی خەڵك کورتە، گۆڕینی بۆچوونیان، بەلاوە وەکوو گۆڕینی کراســیان وایە. جەماوەر چەندان کاتژمێر لەمبەر و ئەوبەری شـــەقامەوە دەوەســـتن، بۆ خاتری ئەوەی لە

دوورەوە و بۆ چەند ساتێك، کەژاوەی کەسایەتیی ناودار، یان سەرکردەیەك ببینن. هەژار موکریانی لە فەرهەنگی (هەنبانە بۆرینە)دا وشەی جەماوەر بە واتای «پڕاپی خەڵك» ڕوون دەکاتەوە[1]. گیوی موکریانی لە فەرهەنگی (کوردستان)دا دەنووسێت: جەماوەر دەستەمرۆڤێکە، کە لە شوێنێکی کۆبووبنەوە، (جەماوەری)یش واتا شتی سەر بە جەماوەر[2].

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ بۆچوونەکانی گۆستاڤ لۆبۆن، جەماوەر حەزی لە ڕامان و بیرکردنەوە نییە و ئامادەی مشتومڕی عەقڵی نییە. جەماوەر لە ڕووی فیکرییەوە، هەمیشە گوزارشت لە نزمترین ئاستی هۆشیاریی تاك دەکات و لە ڕێگەی وێنەوە بیر دەکاتەوە. واتا کاتێك قەرەباڵغی دەبینێت، شاگەشەکە دەبێت و ستایشی. دەکات. جەماوەر وێنەکان دەیترسێنن و پێیان کاریگەر دەبێت. ئەو شانۆیەی وێنەکانی بە شێوەیەکی زۆر ڕوون و ئاشکرا پێشکەش دەکات، زۆرترین کاریگەریی بۆ سەر جەماوەر دەبێت. بیرنەکردنەوەی عەقڵانییانەی جەماوەر، لە گیانی ڕەخنەگرانە بێبەشی دەکات.
بۆچوونی سەرپێی، بە ئاسانی دەچێتە ناو ڕۆحی جەماوەرەوە. بەڵام ئەگەر بۆچوونەکان لە لایەن جەماوەر بە ئاڵۆز و سەخت دانران و پەسەند نەکران، ئەوا دەبێت سەرتاپای بگۆڕێت و سانا بکرێنەوە. بەپێی دیدگای لۆبۆن، ئەگەر بابەتەکە پەیوەندیی بە بۆچوونی فەلسەفی و زانستیی باڵاوە هەبوو، ئەوا دەبێت گۆڕانکاریی قووڵ و ڕیشەیی تێدا بکرێت، بۆ ئەوەی بۆ ئاستێك ببرێت، جەماوەر لێی حاڵی بن.
لۆبۆن خەسڵەتی بڕواکانی جەماوەر بەم جۆرە دیاری دەکات: ملکەچیی کوێرانە، دەمارگیریی سەرسەخت، شەیدایی پڕوپاگەندەی توندوتیژئامێز، کە لەگەڵ هەموو سۆزمەندییەکی ئاییندا پێویستە. جەماوەر بەرگی ئایینی بە بەری بڕواکانیدا دەکات. هیچ قۆناغێك لە مێژوودا نییە، هێندەی ئەم قۆناغەمان، دروستکردن و زۆربوونی پەیکەری بە دەستی جەماوەر، بەخۆوە بینیبێت[3].
ئەگەر بۆ ولیەم ڕایش بگەڕێینەوە، ئەوا کەمتەرخەمیی جەماوەر لە تەواوی وڵات و نەتەوە و ڕەگەزەکاندا، پێکهاتەی فاشیزمە. بە دیدگای ئەو، فاشیزم بە سەرکەوتن بە سەر بیرکردنەوە و هەستە وەهمپەرستانەکانی جەماوەر دامەزراوە. ئایدیالیکردنی جەماوەر و سازش بەرانبەریان، تەنیا بەدبەختیی نوێی لێ دەکەوێتەوە. کۆمەڵانی خەڵك، ئایدۆلۆژیا و شێوەکانی

ژیانی کۆنەپەرستیی سیاسی لە پێکهاتەی خۆیاندا و لە ڕێگەی ئەوەوە لە نەوە نوێیەکاندا بەرهەم دەهێننەوە[4].

دەپرسم ئایا ئەم گردبوونەوە و مەراسیمەی، عەقڵی بازرگانی وەکوو شانازی و دەستکەوت و چالاکیی ڕۆشنبیری دەیسەپێنێت، بۆ ساز دەکرێت؟ تیۆریزە و ڕامان و پرسیاری فیکرییە؟ ئاکامی خوێندنەوە و بیرکردنەوە و تەنیاییە، یان وێڵی قەرەباڵغی و شەیدای کۆمەڵانی خەڵك و تینووی جەماوەرە؟ لە گوتەی خوێنەرەکەی بەختیار عەلییەوە، پێویست ناکات بەو شوناس و وێنانەدا بچینەوە وا بۆ خوێنەرمان داتاشیون؟ عەقڵی بازرگانی، هەموو شت زەق دەکاتەوە و دەیاندرەوشێنێتەوە. ئەم عەقڵیەتە شەیدای دەرکەوتن و نمایشە، بەهای شت بە ڕەونەق و قەرەباڵغی دەپێوێت.

## نووسین بۆ چێوەکان و سپاردنی بە خوێنەری خۆشباوەڕ

وەکوو 'ئیمبێرتۆ ئیکۆ' ئاماژەی پێ دەدات «نووسەری ڕۆمانی پۆرنۆگرافی و پۆلیسیی زۆر ساکار، چاوی لە خوێنەری پێشوەختەیە و دەڵێت من بۆ ژنی ماڵەوە، یان بۆ لاوان دەنووسم، بە پێچەوانەوە نووسەری جدی، خوێنەر دروست دەکات، بینای دەکات»[5].

نووسەری ئێمە، بە دڵی جەماوەر دەنووسێت. لە بەردەم خوێنەر لە سازشدایە، بۆ ئەوەی زۆرینەی لە دەور بن و لێی زیز نەبن و بەردەوام کتێبی لێ بکڕن. نووسەر لە لەدەستدانی خوێنەر دەترسێت. بۆ پاراستنیان، تێکستی ساکار دەنووسێت، یان دەشێت تواناکەیشی هەر هێندە بێت، کە تەنیا تێکستی سادەی پێ بنووسرێت. نووسەر ئالودە و شەیدا و ئێشکگری ژمارەی خوێنەرە. چیدی قووڵایی و ڕادیکاڵبوون و تێپەڕاندن و داهێنان بەهایان نییە، گرنگە پەسەندی هەمووان و ئاسان و بێگرێ و ڕەوان بێت.

نووسەر بۆ وشە میللییەکان دەگەڕێتەوە. خۆی لەو وشانە لا دەدات، کە واتا کۆنەکانیان لە کن جەماوەر قێزەونن. سازش و هاوگوتاریی نووسەر لەگەڵ میدیا و مانەوەی لە چێوەدا، قووڵاییی فیکری ناهێڵێت و زمان سادە دەکاتەوە. بە ژمارە و قەبارە، تەماشای دەکات و مادامەکی ژمارە و قەبارەی جەماوەر و کۆمەڵانی خەڵك، زۆر و مەزن دێنە بەر چاو، ئەوا لە کن وی گرنگە.

## کەژاوەی بەختیار عەلی

لە نوێترین دیمانە لەگەڵ نەبەز گۆراندا، بەختیار عەلی دەبێژێت «جۆرێکی تر لە ڕەخنە کە ساڵانێکە گەشەیکردوە، ڕەخنەی هەندێك لەو بە ناو تیوریزەکەر و چالاکانەن، کە گوایە لە بواری فیکردا کاردەکەن و ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەلاماری ئەدەب دەدەن. لە ڕاستیدا ئەم جۆرە ڕۆشنبیرانە، کە بەردەوام لێرە و لەوێ پەلاماری شیعر و ئەدەبیات دەدەن، کێشەکەیان لەگەڵ هەژمووونی عەقڵییەتی ئەدەبیدا نییە، بەسەر عەقڵییەتی بیرخواز و تیورەسازدا، بەڵکو ترسەکەیان لەوەیە تا ئێستا ئەدەبیات ئاستێکی قووڵتری تێڕوانین و جیهانبینی پێشکەش دەکات، کە گەلێك فراوانتر و دووربینترە لەو ئاستەی ئەوان لە گووتارە سیاسییە زەق و ڕاستەوخۆکانیاندا دەرخواردی خوێنەری دەدەن... لە بری ئەوەی وەك سەرچاوەیەك بۆ خوێندنەوەی فیکری و تێگەیشتنی تیوریی لە جیهانی ئێمە بیخەنەگەڕ، لێرە و لەوێ سەرقاڵی خاڵیکردنەوەی گرێ دەروونییەکانی خۆیانن دژ بە ئەدەب»[6].

بە کاریگەریی بیری هایدیگەر و ڤیتگنشتاین، زمان دەرخەری بوونی مرۆڤە و ئاوێنەی جیهانەکەیەتی. بە گوێرەی تێزەکەی ڤیتگنشتاین «سنووری زمانم، سنووری جیهانەکەیشمە». تەنانەت لای ڤیتگنشتاین فەلسەفە هەمووی بریتییە لە ڕەخنەی زمان[7]. لە قۆناغی یەکەمی پڕۆژە فەلسەفییەکەی ڤیتگنشتایندا، زمان کۆی دەستەواژەکانە. لە قۆناغی دووەمدا پێی وایە کایەکانی زمان، چالاکییەکانی مرۆڤن. بەپێی دیدگای هایدیگەریش بەبێ بوونی زمان، تێگەیشتن و ڕاڤەکردن ڕوو نادەن و هەردووکیان لە ڕێگەی زمانەوە، خۆیان بەرجەستە دەکەن. لای هایدیگەر بوون و زمان، لە یەکدی جیا نابنەوە و بوون لە نێو زماندا، خۆی دەردەخات و زمانیش ڕاستیی بوون دەردەبڕێت[8].

وەکوو ڤیتگنشتاین دەنووسێت «هەموو شتێك لە زماندا ڕوو دەدات»[9]. ئەدەبیش لە زماندایە و دادەهێنرێت. ئەگەر نووسەر داکۆکی لە شیعر و ئەدەب بکات، لە زمانی دەکات. کەچی ئەوانەی کە ئەدەب بە زمانەوە گرێ دەدەن و ڕەخنە لە کەموکورتی و کێشەی زمان دەگرن، بەختیار عەلی بەم جۆرە باسیان دەکات «ئێستا جگە لە هەندێ گەنج کە میتۆدی شیکاری و فەلسەفی دەگرنەبەر بۆ نزیکبوونەوە لە تێکست، بەشی هەرە زۆری ئەو شتانەی دەنوسرێن تەنیا زادەی جورئەتی جەهالەتن و هیچی تر، پۆخڵترین و پڕوپوچترین جۆری نوسین و ڕەخنە ئێستا ئەوەیە، کە بە ناوی زمانزانییەوە کۆمەڵێك نەفام ڕەواجی پێدەدەن، ئەمانە ترۆپکی بێئاگایی و نەزانینی ناو مەیدانی نوسینی کوردین»[10].

بەختیار عەلی، بەوانەی بە ناوی زمانزانییەوە کار دەکەن، دەڵێت «سەرقاڵی خاڵیکردنەوەی گرێ دەروونییەکانی خۆیانن». دەستەواژەکانی وەکوو «دەرخواردی خوێنەر، نەفام، خاڵیکردنەوە، شت، زادە، پۆخڵ، ڕەواج، مەیدان» بەکار دەهێنێت. ئەگەر کەسێك داهێنەر بێت و نەیەوێت نووسین «خاڵیکردنەوەی گرێی دەروونی» بێت، ئەم جۆرە دەربڕینانە بە جێ ناهێڵێت؟ لاوازی و ساکاریی زمان لەو ئاستە، هیی ئەوە نییە بپرسین چی دەڵێت؟ ئەگەر ناوی بەختیار عەلی لەسەر ئەو وشە و پەرەگرافانە لا بەرین و ناوی نووسەرێکی لاوی بۆ دابنێین، چ هەڵوێستێکمان دەبێت؟ تەنیا لەبەر ئەوەی هیی بەختیار عەلین، گرنگن؟
لەم ساڵانەی دواییدا، کێ پەلاماری شیعر و ئەدەبی کوردیی داوە؟ هەندێك نووسەری لاوی چەپ لە سۆشیال میدیادا هەبوون و پێیان وابوو، گۆڕینی دنیا، بە ئەدەب و شیعر ناکرێت. ئەوەی دیکەیش گۆڤاری شیعرە و بە درێژایی 13 ژمارە، کێشەکانی شیعر و شاعیرانی کورد دەخاتە ڕوو. ئیدی کوا هێرش و هەڕەشە و پەلامار بۆ سەر ئەدەب و شیعر؟ بە پێچەوانەوە، ئەدەب پێشەنگیی دراوەتێ، کێشەی ڕۆشنبیریمان ئەوەیە، ئەدەب پێش کایەکانی دیکە دەخەین.

کێیە لە ڕێگەی پەلاماری ئەدەبیاتەوە «گرێی دەروونیی خۆی» خاڵی دەکاتەوە؟ ئەگەر مەبەست لەو ڕەخنانە بێت لە کارەکانی دەگیرێت، ئەوا بەپێی لۆژیك، بە واتای ئەوە نایەت پەلاماری ئەدەب دراوە. بەختیار عەلی نوێنەری هەموو ئەدەبی کوردی نییە، تا ئەگەر ڕەخنەی لێ گیرا، بڵێین «وای... هەڕەشە لە ئەدەبی کوردی». «داد... شاڵاو و هێرش بۆ شیعری کوردی». ئەوە عەقڵیەتی بەرەکانی شەڕی ئێران-عێراق و شەڕی ناوخۆیە، یان هیی نووسەری جدی و داهێنەر؟ ئەگەر ئەدەبی قووڵ و نوێمان هەیە، بۆ لە هێرش و پەلامار دەترسین؟ ترسی بەردەوام، ئاماژە بۆ لاوازیی ئەدەبیاتمان نییە؟ ئایا 34 ساڵە پارتی و یەکێتی بە هەمان زمان و دەربڕین لەبارەی ئەزموونی هەرێمی کوردستانەوە قسە ناکەن؟ بەردەوام دوژمنی وەهمی داناتاشن؟ ئەی جیاوازیی عەقڵیەتی نووسەر و ڕۆشنبیری ئێمە، لەگەڵ هیی سیاسییەکانمان چییە و لە کوێدایە؟ کامەیە ئاست و ڕووبەری نێوانیان؟

بەختیار عەلی لە هەمان ئەو جێگەیەی پێشوو و بەوانەی ڕەخنەی زمانەوانی دەگرن، دەڵێت «لەبەرئەوەی عەقڵیان لە دەرەوەی هەموو پرسـێکی قووڵ، تەنیا لە تەنکاوی زەلکاودا دەگەڕێت، نە دەتوانێت تێبگات و نە دەتوانێت بدوێت و نە دەتوانێت دیدی هەبێت»[11].
بەپێی بۆچوونی بەختیار عەلی، «نەخۆشی دەروونین، لە دەرەوەی هەموو پرسێکی قووڵن، لە تەنکاوی زەلکاودا دەگەڕێن، ناتوانن تێبگەن، ناتوانن دیدیان هەبێت»، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی ڕەخنەیان لە زمانی نووسـینی بەختیار عەلی گرتووە. بە گوێرەی ئەوەی زمان دیاردەیەکی سـەخت و ئەسـتەمی مرۆڤانە و کۆمەڵایەتییە، لێکۆڵینەوەی ورد و هەمەلایەنەی زمان، بەبێ کەڵکوەرگرتن لە زانسـتەکانی دیکە سـەرناگرێت. زمانناسی بێجگە لە باری ناسـاندن (تەوسـیفی) و بیرۆکەیی زمان، تیشـک دەخاتە سـەر باری کەڵکناسی، دەروونناسی، خەڵکناسی، کۆمەڵایەتی، هونەری، وێژەیی، فەلسەفی و نیشانەناسیی زمان. کەواتە زمانناسیی ئەمڕۆ، زۆر بواری زانستی دەگرێتە خۆی[12].
هۆکاری چییە بەختیار عەلی هەر ڕەخنەیەکی لێ دەگیرێت، بۆ زمان و لەناو زمانیشـدا بۆ ڕێنووسی دەباتەوە؟ ئایا لە ماوەی سی، چل سـاڵی ئەزموونی نووسـیندا، تەنیا ڕەخنەی زمانی لێ گیراوە؟ کاتێك ڕەخنە لە ڕوانینی بەختیار عەلی بە نموونە بۆ چەمکی وەکو «فریشـتە، بەندەر، کەشتی و شەرەف» دەگیرێت، بەوەی لە تێگەیشتنی گشتی و میللییەوە دەیانهێنێت و بە هەمان واتای گشـتی دایان دەنێتەوە، وەڵامی بەختیار عەلی ئەوەیە، ئەوانە ڕەخنەی زمان و ڕێنووسن و «پۆخڵترین و پڕوپوچترین جۆری نووسینی کۆمەڵێك نەفامن». سەرەڕای گرنگیی زمان لای ڤیتگنشـتاین و هایدیگەر، کە لە سـەرەوە نموونەمان لە بۆچوونەکانیان خسـتە ڕوو، دەتوانین بزانین لای بەختیار عەلی، ئەگەر ڕەخنە لە زمانی کارەکانی گیرا، بە چ پێوەر و میتۆدێك، پووچن و بۆچی؟
هەندێك لەو خوێنەرانەی ئێرە پێیان وایە گرفتی بەختیار عەلی تەنیا ڕێنووسـە، لە کاتێکدا کێشـە بنەڕەتییەکە پەیوەندیی بە ڕوانینی ئەوەوە هەیە بۆ لینگویسـتیك(زمانناسی)، کە ئەوەیان لەناو فەلسەفەدا چاوی هەڵهێناوە، بگرە خودی فەلسەفە لە پێناوی لینگویستیکدا هاتووەتە بوون. پرسیاری زمان یەخەی سەرجەم فەیلەسوف و بیرمەندانی گرتووە، کە هەر یەکەی ویسـتوویەتی بە شـێوازی خۆی وەڵامی بداتەوە، لە کاتێکدا بەختیار عەلی ئەوەی بە شتێکی جەوهەری نەزانیوە، بێ ئەوەی بڵێت بۆچی[13].

بەختیار عەلی بە ڕەخنەگرانی دەبێژێت، لە «تەنکاوی زەلکاو دەگەڕێن». ئایا دەستەواژەی «تەنکاوی زەلکاو» پەیوەندیی بە هێمای دنیای ڕۆمانەوە هەیە، کە ناونیشانی گفتوگۆکەیەتی لەگەڵ نەبەز گۆران؟ ئایا زەحمەتە هەر کاتێك ڕەخنەمان لێ بگیرێت، ئەم دێڕانە بنووسین؟ ئایا لە ئاستی دەقی ئەو نووسەرانە وەستاوە و لانی کەم نمونەی لێ هێناونەتەوە، تا بزانین بە چ شێوەیەکن؟ کێ لە ئێمە ناتوانێت، بە هەموو ئەوانی دیکە بڵێت لە «تەنکاوی زەلکاو» دەگەڕێن؟ ئایا دەکرێت بەو زمانە لاواز و ڕۆژانەییە، بەوانەی ڕەخنەمان لێ دەگرن، بڵێین هیچ نین، بەبێ ئەوەی نموونەیان بخەینە ڕوو؟ ئەوانەی ڕەخنەیان گرتووە، بە چ پێوەرێك ئاستیان لەوانە نزمترە، کە دەڵێن بەختیار عەلی داهێنەرە و ڕۆمانەکەی شاکارە؟ ئەم زمانەی بەختیار عەلی، ساکاری و لاوازیی ئاستەکەی دەر ناخات، کە بەردەوام کەسانێك ڕەخنەی لێ دەگرن؟ وا باشتر نییە، بەختیار عەلی ئەوەش ڕوون بکاتەوە، ئەی ئەوانەی ڕەخنەی لێ ناگرن، لە کوێی زەلکاودا دەگەڕێن و مەلە دەکەن؟ ئەمە تێگەیشتنی بەختیار عەلییە، لە فەلسەفەی زمان؟

وێڕای پووچ تەماشاکردنی کایەی زمان و بێبەهاکردنی ڕەخنەی زمان و زمانەوانی لای بەختیار عەلی، با بزانین لای بیریارێکی وەکوو سۆسێر چ ڕۆڵ و گرنگییەکی هەیە. بەپێی بۆچوونی سۆسێر، بیر هیچ نییە، پێکهاتەیەکی بێ فۆرمە، یان ناڕوونە و ئەدگارەکانی دیار نییە، بە شێوەیەکە، بەبێ هێما زمانییەکان، جیاکردنەوەی بیرەکان لە یەکدی ئەستەمە، چونکە هیچ شتێك بەبێ زمان دروست نابێت. سۆسێر دەنووسێت «زمان سیستمێکە، لەو هێمایانە پێك دێت، کە گوزارشت لە بۆچوونەکان دەکەن». بەپێی دیدگای سۆسێر زمان سیستمی تایبەت بە خۆی هەیە. زمان ئاڵۆزتر و جیهانیترە لە هەموو سیستەمەکانی دیکەی گوزارشتکردن[14].

لایەکی دیکەی گوتەکانی بەختیار عەلی دەخەمە ڕوو، کە وەکوو ئەو پێی وایە ڕەخنە لە ئەدەب و شیعر نەگیرێت. ئەوە چ عەقڵیەتێکە بەردەوام دوژمن دروست دەکات، گوایە ئەدەبی کوردی لە مەترسیدایە؟ جیاوازییەك لە نێوان ئەم تێگەیشتنە و ئەوەی سیاسییەکان هەیە، کە بە خەڵك دەڵێن لە بەردەم پەلاماردایین، ئەگەر پارتی و یەکێتی نەبن، دەخورێین و تێدا دەچین؟ دروستکردنی بەردەوامی ئەم گوتارە، کاری ئەدەب و داهێنانە، یان هی میدیای دەسەڵاتە؟

لە ڕۆمانی (نەفرەتی نەوبەهاران)دا بەختیار عەلی دەنووسێت «دەمێك كیژ و كوڕە بەستەزمانەكە گەیشتنە تەمەنێك چاك و خراپی خۆیان جیابكەنەوە»[15]. ئەم زمانە ساكار و لاوازە، هیی ئەوەیە هێرش و هەڕەشەی لەسەر بێت؟ ئەمە زمانی ئەدەب و گێڕانەوەیە، یان هیی بەردەرگا و كۆڵان و ناو بازاڕ؟ لە ڕاستیدا ئەم زمانە، نەك پێویستی بە هەڕەشە و هێرش نییە، بگرە دەبێت بترازێت و تێبپەڕێنرێت و قووڵایی لەخۆ بگرێت. چونكە وەكوو بەختیار عەلی خۆیشی_ دەڵێت ئەدەبە، نەك گوتاری سیاسی. ئەم زمانەی بەختیار عەلی خۆی، هەڕەشەیە بۆ سەر ئەدەبیات و ساكاركردنەوەی زمانی نووسین.

ڕۆمانی (نەفرەتی نەوبەهاران) كار لەسەر ململانێیەكی تەقلیدی و كلێشەیی دەكات، لە نێوان ئایینی ئیسلام و دنیای نوێ، كە لە كامێرا و وێنە و شەرەفدا خۆی دەبینێتەوە. بەم زمانە ساكارە ئاماژە بە ململانێ تەقلیدییەكە دەدات «لە گووتاری هەینیدا هەموو مامۆستایانی بەرەی خەتیبی گەورە، بە گەرموگوڕییەكی زۆرەوە كەوتنە گێڕانەوەی چیرۆكی وێنەیەك دوا سنووری شەرم و عیفەتی تیا پێشێلكراوە، وێنەیەك هەر بەنی ئادەمێك ببینێت شەرم دەیگرێت و عارەقەی خەجاڵەتی دەڕێژێت. هۆی ئەوەشیان گێڕایەوە بۆئەوەی كامێرا لە پاڵ سوودەكانیدا خواستی شەیتانیی لە مرۆڤدا دروستدەكات»[16].

ڕاستییەكەی ئیسلام، خۆی لەگەڵ دنیای نوێ و ئامێرە مۆدێرنەكان گونجاندووە. نوێترین ئامێر و بەرهەمی تەكنەلۆژیا و دنیای مۆدێرنی قبوڵ كردووە و زۆرێكیشی خستووەتە خزمەتی خۆیەوە. كەواتە ململانێی ئایینی ئیسلام لەگەڵ دنیای نوێ، ئەو كلێشە تەقلیدییە نییە. ئەمڕۆ ئایین لەوە پتر ڕۆیشتووە خۆی بخاتە بەرەی دژەوە، بگرە ئامێرەكانی دنیای نوێ، خزمەتی ئیسلام دەكەن. كاركردن لەسەر ئەو ململانێ تەقلدییەی ساڵانی پەنجا و شەستی سەدەی ڕابوردوو، چیرۆكی لاواز بە تێكست دەدات و ساكاری بۆ ناوی دەهێنێت. بە پێچەوانەی ئەوەی لە ڕۆمانەكەدا خراوەتە ڕوو، نەك وێنە، بگرە ڤیدیۆ گرنگترین خزمەت بە ئایین دەكات، تەنانەت فیلمێكی سینەمایی وەكو «ڕیسالە» لە حەفتاكانی سەدەی ڕابوردوو بە دواوە، كاریگەریی ئێجگار فراوان لەسەر خەڵك و دنیای ئیسلامی دروست دەكات.

نووسەر و ڕۆماننووس، كاتێك كار لەبارەی كێشەی ئایین لە دنیای نوێدا دەكات، دەبێت زمان و هۆشیاریی لە ئاستێك بێت، نەكەوێتە هەڵەی لۆژیكی و پەنا بۆ كلێشە و ململانێی تەقلیدی نەبات، بگرە پێویستە ئاگاداری گۆڕانی ناو كۆمەڵ بێت. هۆشیاریی نووسەر بۆ

ململانێی ئایین لەگەڵ دنیای نوێ، ئەوەیە ئاماژە بەو میکانیزم و شـێوازانە بدات، کە قوتابخانە و پیاوە ئایینییەکان بۆ گونجاندنی ئیســلام و دنیای مۆدێرن دەیگرنە بەر. ئەمڕۆ ئایین بە شـێواز و فۆرمی جیاوازتر لەوەی بەختیار عەلیی تێدا ماوەتەوە، لە ململانێدایە لەگەڵ دنیای نوێ و مۆدێرنە و دەسـتکەوتە زانسـتییەکان. مانەوە و کارکردن لەو چێوە و ململانێ تەقلیدییانەدا نەك داهێنان نییە، بگرە ئاسـانە و تێکسـتی سـاکاری وەکو «نەفرەتی نەوبەهاران»ی لێ دەکەوێتەوە. ئەم گوتانەی ناو ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی، هێندە سەخت و ئاڵۆزن، نەتوانین لەوی باشتر بڵێین و بینووسین؟ سەختە ئەو گوتە ڕۆژانەییانە بە شێوازی گێڕانەوەی زارەکی و لە زمانی کارەکتەرەوە بگێڕینەوە؟ وەکوو میلان کۆندێرا دەڵێت تاکە ڕەوایی بوونی ڕۆمان لەوەدایە، ئەوە بڵێ کە تەنیا ڕۆمان دەتوانێت بیڵێت[17]. ئایا ئەم جۆرە گوتانە، لە دەرەوەی ڕۆمانەکانی بەختیار عەلیش نەمانبیستوون؟

هەر لە ڕۆمانی (نەفرەتی نەوبەهاران)دا هاتووە «ڕۆژێك وایلێهات کەس نەبوو نەزانێت زۆزان و شـەمدین وێنەی دایکیان نەبینیوە. بە جۆرێك ڕۆژانە خوێندکارانی شـەڕانی تانە و توانجیان لێدەدان، «هێی ئەوە دایکی خۆت نەبینیوە، بۆیە وا لووتت سـووربۆتەوە»، «ئەوە دایکی خۆت نەبینیوە، بۆیە بۆنی قاورمەی نۆکت لێدێت»، «ئەوە دایکی خۆت نەبینیوە بۆیە لە عەرەبیدا خراپیت»... بە هۆی ئەو قسـانەوە کچەکە لە خوێندنگا کێشـەی زۆری بۆ دروستدەبوو، کوڕەکەش لە کوچە و کۆڵانان گوێی بە قسەی پیس ڕادەهات و زمانی بە جنێو دەکرایەوە»[18].

گێڕانەوەی زارەکی، ڕاسـتەوخۆیی و ڕۆژانەیی ئاسـتی زمان، ڕۆمانەکە دەکەنە یەکێك لە سـاناترین و ڕەوانترین تێکسـتی بەختیار عەلی. لە کاتێکدا گوایە کار لەسـەر ململانێی ئایین لەگەڵ دنیای نوێدایە، بەم دەسـتەواژە و زمانەوە، کاری لە ڕووبەری زانراودا کردووە. کێ هەیە نەزانێت، وێنەی لەشی ئافرەت بۆ کۆمەڵ کێشـەیە؟ تێکسـتی داهێنەرانە ئەم ڕووبەرە زانراوانە تێ دەپەڕێنێت و دەچێتە ناو نهێنی و نەزانراوەوە. ئەو پێوەرە ڕەوشـتییانە جێ دەهێڵێت، کە لە بیرکردنەوەی ئایینییەوە سـەرچاوە دەگرن و هەمووان دەیزانن، هەروەکوو «حەڵاڵ و حەرام»، «ڕووتی و داپۆشراویی»، «چاکی و خراپی». هەرچەندە زۆر کەس پەسـەندی ڕۆمانەکە بکەن و «تەوەر»ی بۆ بکەنەوە، ناتوانین وەکوو تێکستێکی هاوچەرخ،

کە لە واقیع تێ دەپەڕێت و بە زمان و ئاستێکی دیکەوە، بەسەرهاتی مرۆڤ لە دنیای نوێدا دەگێڕێتەوە، ببینین.

لەم ڕۆمانەدا تێگەیشتنی تەقلیدی بۆ شەرەف، کە وێنەی لەشی ئافرەت نوێنەرایەتی دەکات، بەر دنیای نوێ دەکەوێت. ئەو تێگەیشتن و ڕوانینەی بۆ «شەرەف» لە ڕۆمانەکەدا هەیە، هەمان تێگەیشتنی کۆمەڵ نییە؟ ئەگەر لای هەردووکیان وێنەی لەشی ئافرەت تابووە و کێشە دروست دەکات، کەواتە جیاوازییەك لە نێوان واقیعی کۆمەڵ و فەزای ڕۆمانەکەدا هەیە؟ ئەگەر هەمان هۆکار هەیە و یەك ئاکام بە دەستەوە دەدەن، ئیدی ئەدەب چ جیاوازییەکی لەگەڵ بۆچوونی باوی ژیانی ڕۆژانەدا هەیە؟ کوا ئەو زمان و ڕووبەر و تێگەیشتنەی ئەدەب لە بڕوای کۆمەڵ جیا دەکاتەوە؟ چ ئەرك و ماهیەتێك لەخۆ دەگرێت؟ ئەگەر ئەدەب هەمان تێگەیشتنی باوی کۆمەڵ بۆ چەمك و دیاردەکان بگوازێتەوە، کەواتە لێرەدا ڕۆڵی ئەدەب تەنیا گواستنەوە و نووسینەوەی ئەوەیە، لە واقیعدا باڵادەستە و بۆ هەمووان پێوەرە.

وەکو کاروان عومەر کاکەسوور ئاماژەی پێ دەدات، کارەکتەر لە ڕۆمانی باودا، کۆتامرۆڤە. ئەو بوونەوەرە تاکڕەهەندە مشەخۆرەی لەگەڵ واقیعی باودا ڕێك دەکەوێت و خاوەنی هیچ ناڕەزاییەك نییە. لەگەڵ جەماوەر بە شێوەیەك یەك دەگرێت، کە سەختە لەوانەی تری جودا بکەیتەوە. زمانی پڕە لەو دەستەواژانەی، کە لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا بە کار دەهێنرێن و تایبەتن بەو شتانەی ڕەواجیان هەیە. لایەنگری ئەو شتانەیە، کە کۆمەڵگە پێشوەخت ناوی چاکەی لێ ناون. شەیدای پاکی، دڵسۆزی، گوێڕایەڵی، وەفاداری و هیی دیکەیە و ڕقی لە هەر دەستەواژەیەکە، ئەگەر کۆمەڵگە لە ژێر ناوی خراپەدا پۆلێنی کردبن[19].

(دۆن کیشۆت)، کە بە یەکەمین ڕۆمانی مۆدێرن دادەنرێت و هەردوو بەرگەکەی لە نێوان 1605 بۆ 1615 بڵاو بووەتەوە[20]، تێگەیشتنی باو و ڕوانینی کۆمەڵی لەبارەی پاڵەوان تێپەڕاندووە. واتا زیاتر لە چوار سەد ساڵ لەمەوبەر، ئەدەب ڕوانینی گشتی بە جێ دەهێڵێت. ئێ چی وا لە نووسەری کورد دەکات، بۆ هەمان پێوەری ژیانی ڕۆژانە بگەڕێتەوە؟ نەك تێشیان نەپەڕێنێت، بگرە وەکوو خۆی بیانگوازێتەوە؟ ئەگەر ئەدەب ئاماژە لەخۆ دەگرێت و لە

زماندا ڕوو دەدات، ئەی کوا سەرلەنوێ ئەرکدان بە دیاردە و چەمکەکان؟ ئاماژە چییە، ئەگەر جێهێشتنی دنیای شمەك و واقیع نەبێت؟ ئەدەب چییە ئەگەر ڕۆڵی نوێ و جیاواز بە شتەکان نەداتەوە و گەمە بە واتاکانیان نەکات؟ ئایا ڕۆمان ئاستی گێڕانەوەی زارەکی بە جێ ناهێڵێت؟ کێشە لە ناو زمان دروست ناکات؟

میلان کۆندێرا لەبارەی شێوازی ئەمڕۆی ڕۆمانی بازاڕی و جەماوەرییەوە دەنووسێت «بەشی زۆری ڕۆمانی ئەمڕۆ لە دەرەوەی مێژووی ڕۆمانن: داوای لە گوناهـ پاکژبوونەوە بە شێوەی ڕۆمان، ڕاپۆرت بە شێوەی ڕۆمان، ڕێککردنەوەی حیساب بە شێوەی ڕۆمان، ئەوتۆبایۆگرافی بە شێوەی ڕۆمان، خەبەر لێ دان بە شێوەی ڕۆمان، وانەی سیاسی بە شێوەی ڕۆمان، گیانەڵای مێرد بە شێوەی ڕۆمان، گیاندانی دایك بە شێوەی ڕۆمان، لە دەستدانی کچێنی بە شێوەی ڕۆمان، منداڵبوون بە شێوەی ڕۆمان، ڕۆمان هەتا بێکۆتایی، هەتا کۆتایی کات، ڕۆمانگەلێك، کە هیچی نوێ ناڵێن، بەهای ئیستاتیکییان نییە، گۆڕانکاری لەگەڵ خۆیان ناهێنن، نە بۆ تێگەیشتنی ئێمەی مرۆڤ، نە بۆ شێوەی ڕۆمان. هاوشێوەی یەکن و سپێدان بە پێرفێکتی دەتوانرێت بەرخۆری بکرێن، ئێواران بە پێرفێکتی دەتوانرێت فڕێ بدرێن»[21].

لە بارەی هەناری ناو ڕۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا)، بەختیار عەلی دەبێژێت «ساڵی 1975 کاتێك گواستمانەوە بۆ ئەو ماڵەی نزیکەی 46 ساڵ خێزانی ئێمەی تێدا ژیا، تاکە درەختێك لە حەوشەکەدا دار هەنارێك بوو، کە باوەڕدەکەم ئێستاش هەر مابێت. ئەو درەختە بە جۆرێك لە جۆرەکان لای من هێمای ماڵی ئێمە بوو... بەر لە هەر شت ئەوەی سەمبولی هەناری لە خەیاڵی مندا تەقاندەوە، ئەو هەنارەی حەوشی خۆمان بوو»[22]. لێرەدا هەناری ناوی ڕۆمانەکە، هەمان ئەو هەنارەیە وا لە دنیای دەرەوەدا بوونی هەبووە. وەکوو بەختیار عەلی دەیڵێت، هەناری دواهەمین هەنار، هەمان ئەو هەنارەی حەوشی ماڵیانە، ئیدی سەختیی دۆزینەوەی هێما و وەزیفە و ئاماژەی هەناری ناو ڕۆمانەکە لە کوێدایە؟ ئەگەر هەمان ڕۆڵیان هەیە، کەواتە جیاوازیی هەناری واقیعی و هەناری ڕۆمانەکە چییە؟

لە بارەی پەپوولە لە (ئێوارەی پەروانە)دا بەختیار عەلی دەبێژێت «کاتێك ئێوارەی پەروانە کرایە ئەڵمانی، هەمیشە لە زۆربەی کۆڕەکاندا ئەو پرسیارە دەهاتە پێشێ، بۆ پەپولە ئامادەگییەکی وەها زۆری هەیە. مەسەلەکە تەنیا ناوی پەروانە نەبوو، بەڵکوو لە زۆر لە ڕووداوە گرنگەکاندا، لەو جێگایانەدا شاعیرییەت و مەرگ لە یەکدی نزیك دەبنەوە،

پەروانەکان دەبینرێن و لە فەزای تێکستەکەدا دەفڕن. خۆت دەزانیت خودی پەروانە وەك چەمك، جێگایەکی گەورەی لە ئەدەبیاتی کوردیی و فارسیدا هەیە. گواستنەوەی هێماکە لە دەستی شاعیرانی کلاسیکەوە بەرەو فەزای «چیرۆك» و «گێڕانەوە»ی مۆدێرن، یەکێك بوو لە نیازە سەرەکییەکانم»[23].

وەکوو بەختیار عەلی خۆی ئاماژەی پێ دەدات و لە ڕۆمانەکەیشدا دیارە، پەپوولە بە هەمان واتا و ئەرك دێت، کە لە دنیای واقیعیدا هەیە. ئێ هەمان هەناری حەوشە و هەمان پەپوولە، ئیدی ترازانی چەمك و زمان لە کوێ ڕوویداوە، کە خەسڵەتی ڕۆمانی نوێیە؟ لە کوێدا وەزیفە و ماهیەتی هەنار و پەپوولە گۆڕاوە؟ ئەگەر هەر هەمان واتای هەنار و پەپوولەیە، ئەی کوا ئەو هێمایانەی نەبەز گۆران وێڵیەتی و بەختیار عەلی بۆی ئاشکرا دەکات؟ ئەگەر هەمان وەزیفەی دێرینیان هەیە، ئیدی لە کوێدا نوێیە؟ ئەمەیە ڕوونکردنەوەی سیمۆتیکا و ئاماژەناسی و نیشانەکانی زمان و ڕۆمان؟
لەبارەی گۆڕان و پێدانی ڕۆڵ و ئەرکی جیاواز بە شتەکان، بۆ ڕۆمانی (دۆن کیشۆت) دەگەڕێمەوە. دۆن کیشۆت جامێکی مسینی ڕیشتاشین لە سەرتاشێك دەبات و وەکوو خودە بەکاری دەهێنێت. سەرتاش بە ڕێککەوت دێتە ئەو مەیخانەیەوە، کە دۆن کیشۆتی لێیە و لەگەڵ خەڵکی دیکەدایە. تەماشای جامی ڕیشتاشینەکەی دەکات و دەیەوێت لە سەری دۆن کیشۆتی بکاتەوە. دۆن کیشۆت بە سەربەرزییەوە مل بۆ ئەوە نادات کە خودەکە وەکو جامی ڕیشتاشین ببینێت. مرۆڤ چۆن دەتوانێت بیسەلمێنێت، کە جامێکی ڕیشتاشینی لە سەر نراوە و خودە نییە؟ ئەو کەسە تەشقەڵەبازەی لەگەڵ دۆن کیشۆتدایە، بە کەیفەوە تاکە هۆکاری بابەتی دەدۆزێتەوە، بۆ ئەوەی ڕاستییەکەی بسەلمێنێت: دەنگدانی نهێنی. هەموو ئامادەبووان بەشداریی تێدا دەکەن و ئەنجامەکەیشی ڕوونە: شتەکە وەکو خودە ددانی پێدا دەنرێت[24].

وەکو میلان کۆندێرا دەنووسێت «ڕۆمان کیمیاگەرییەکە، ژن دەکاتە پیاو و پیاویش بە ژن، زبڵ دەکاتە زێڕ، قسەیەکی کۆمیدیی کورت، دەکاتە دراما! ئەم کیمیاگەرییە یەزدانییەیە، وزەی ڕۆماننووس و نهێنی و مەزنیی هونەرەکەی پێك دەهێنێت»[25].

لای بەختیار عەلی چەمك، شـت، ڕووداو، ڕوانینی کارەکتەر، نەك لە دنیای واقیعی و زارەکی و شـمەك و فیزیك، ناترازێن و ناچنە دنیای ئاماژەوە، بگرە هەمان واتا و ئەرکی ژیانی ڕۆژانە و کۆمەڵایەتی وەردەگرنەوە. شـەرەف و لەشی ژن لە نەریت و واقیعدا یاسـاغە و وروژاندنیان هەرا دەنێتەوە. لە ڕۆمانەکەی بەختیار عەلیش بە هەمان شـێوە. وەکوو خۆیشیـ دەڵێت هەنار و پەپوولە، هەمان ئەوەی واقیعن. ئیدی ئەو هێما و ئاماژانە کوان وا کتێبی بۆ دەنووسـن؟ کوا ئەو کیمیاگەرییەی میلان کۆندێرا دەڵێت، پێوەری ژیانی ڕۆژانە بە جێ دەهێڵێت و ماهیەتی دی بە شت دەدات؟

لەبارەی ڕەنگی سـپییەوە لە ڕۆمانی (شـاری مۆسـیقارە سـپییەکان)دا، بەختیار عەلی دەڵێت «سـپی بە بڕوای من، وەك خەسـڵەتەکانی بەفر، ڕەنگی هەڵگرتن و مانەوە و پاراسـتن و بەردەوامییە، هێمای ڕزگارکردن و توند قایمکردنە. ئەو مانایە تەواو لە شـاری مۆسـیقارە سپییەکاندا بەرجەستە دەبێت»[26].

ئێ خۆی هەر لە واقیعدا، سـپی هەمان واتا و مەبەسـت دەگەیەنێت. بەختیار عەلی دیدی گشـتی بۆ ئەو چەمك و دیاردانە تێناپەڕێنێت و بۆ دنیای ئاماژەیان نابات، بەڵکوو هەر لە دنیا مەتریالی و فیزیکییەکەدا دەمێننەوە و هەمان ڕۆڵ و ئەرکی واقیعی ژیانی ڕۆژانە دەگێڕن و تێگەیشتنی کۆمەڵ بەجێناهێڵن.

لە دنیای نیشـانەدا توخمەکانی وەك ڕووداو، شـوێن، کات، زمان و ئەوانەی دیکە بۆ ئاماژە گۆڕاون و هەر لە ڕێی ئاماژەیشەوە ڕۆماننووس ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، کە ئەوە بە سروشتی خۆی شێوازی ناڕاستەوخۆ دەسەپێنێت و شێوازی ڕاستەوخۆ بە لاوە دەنێت. گرێچنی باو، کە (سـەرەتا، ناوەڕاسـت، کۆتایی) بە یەکەوە گرێ دەدات، بەو پرۆسـێسـەدا دەپووکێتەوە، بەوەی شـتەکان لەوە دەرچوون یەك سـەرەتایان هەبێت، بەڵکو لە بێژمار سـەرەتا پێك دێن، وەك چۆن بەسەر هێڵی ڕێکدا ناچنە پێشەوە، بەڵکو بە هەموو لایەکدا دەبزوێن[27].

لە باسی سیستمدا بەختیار عەلی دەڵێت «سروشتی هەموو سیستمێك وەهایە هەوڵدەدات هەموو شـتێك بگرێتە خۆی، هەموو جیاوازییەکان بتوێنێتەوە، هەر شـتێك لە ناو ئەودا جێگەی نەبووەوە یان یاخی بوو، وەك دەرەیاسـا، نائاسـایی، نەخۆش، تێکدەر سـەیری

بکات»[28]. دەپرسم شتێکی نوێ لەبارەی سیستمەوە دەڵێت؟ کەس هەیە ئەم شتانە نەزانێت؟ کاممان ناتوانین لەوە باشتر باسی سیستم و دژایەتیی سیستم بکەین؟ ساکاری و سازش لەم گفتوگۆیەی بەختیار عەلی نابینرێت؟ ئایا بەختیار عەلی شازدە ساڵ لەمەو پێش و لە کتێبی «سێوی سێیەم»، قووڵتر لە بارەی سیستم و دژە سیستم قسەی نەکردووە؟ ئەمەی ئێستای، ساکارکردنەوەی فیکر نییە؟ ئەمە سازش و پاشەکشەیە، یان گەشە و پێشکەوتن؟

لەبارەی داگیرکەرەوە بەختیار عەلی دەڵێت «من پێم وایە هەرگیز داگیرکار ناتوانێت هەم داگیرکار بێت و هەم مرۆڤ، داگیرکاریی دواجار داگیرکەر دەگۆڕێت بۆ درندەیەکی نائومێد، کە بەردەوام سەری بەر بەردی ڕەقی ئەو مەحاڵە دەکەوێت کە بۆی دەگەڕێت»[29]. کەمێك دواتر دەڵێت «فاشیزم گێڕانەوەی مرۆڤە بۆ دۆخی حەیوانی، ناسیونالیزمیش کلیلی ئەوە هەرەسە ترسناکەیە. لە داگیرکردنی تاریکی دا، مەبەستم بوو پیشانی بدەم، چۆن ناسیونالیزم مرۆڤێکی عاقڵ و فەلسەفەخوێنی وەك تاریق ئاکانسو دادەبەزێنێت بۆ پلەی حەیوانێکی ئێجگار نزم»[30].

ئەرستۆ (384-322ی پێش زایین)، لە کتێبی (سیاسەت)دا دەڵێت «مرۆڤ بە سروشت ئاژەڵێکی سیاسییە»[31]. بەختیار عەلی، 2400 ساڵ پاش ئەرستۆ، مرۆڤ لە مەقامی بڵند و ئاژەڵ لە پلەی نەوی دادەنێت. بە سووك و نزم تەماشای ئاژەڵ، خەسڵەتی بیرکردنەوەی تیۆلۆژی و ئاینی نییە؟ ئەوە زانست نییە، سەلماندوویەتی هەندێك توانا و خەسڵەتی سروشتیی ئاژەڵ، زۆر لە پێش هیی مرۆڤەیەوە، وەکو هێز و توانای بینین و بیستن و فڕین و ڕۆشتن و مانەوە لە هەندێك پەلەوەر و مەل و ئاژەڵدا؟ ئەو عەقڵییەتە ئایینییە چییە مرۆڤ باڵا و بڵند، لە نزماییشدا ئاژەڵ و گیاندار دەبینێت؟ لەم بیرکردنەوە تیۆلۆژی و بڕوا ئایینییەدا، مرۆڤ سەردار و ناوەندە و هەموو شتەکانی دی، خزمەتکاریی وین. ئەمەیە کلیلی کردنەوەی هێماکانی ڕۆمان، لای بەختیار عەلی؟ ئەمەیە نیشانەناسی و کارکردن لە ئامازەدا؟

ولیەم ڕایش بە پێچەوانەی بەختیار عەلییەوە، ئاژەڵ لە مرۆڤ بە ئاشتیخوازتر دادەنێت، بگرە مرۆڤ لە بنەڕەتدا ئاژەڵە و بە پێچەوانەی مرۆڤیشەوە، سادیستی و میکانیکی نین،

کۆمەڵگە و پۆل و گروپەکانیان، بە شـێوەیەکی بەراورد نەکراو ئاشـتیخوازترن لە کۆمەڵگە مرۆییەکان. پرسـیاری ولیەم ڕایش دەسـتبەرداربوونی مرۆڤە لە ڕەهەند سروشـتی و ئاژەڵییەکەی و سـازشـکردنیەتی لە «مرۆڤ-ئاژەڵی»ـیەوە بۆ «ڕۆبۆتی-ماشـێنی». ئەگەر بەختیار عەلی ئەوکاتەی دەڵێت «دابەزین بۆ پلەی حەیوانێکی ئێجگار نزم»، ئاگاداری کێشە هاوچەرخەکانی مرۆڤ، لەگەڵ تەکنەلۆژیا و ئامێرەکان بایە، ئاماژەی بە مەترسی بە ماشـێنبوونی مرۆڤ دەدا، نەك بۆ ئەو تێگەیشـتنە میللی و تەقلیدییە بگەڕێتەوە، کە تێیدا مرۆڤ پاکژ و پاکیزەیە، ئاژەڵ دڕندە و تاوانکارە.
ولیەم ڕایش دەنووسـێت «کاتێك سـوود لە وشـەی ئاژەڵ وەردەگرم، لادان یان شـتێکی ترسناك و نزم نییە، بەڵکو ڕاستییەکی بایۆلۆژییە... مرۆڤ خاڵی هاوبەشی لەگەڵ ئاژەڵ، زۆر لەوە زیاترە بیری لێ دەکاتەوە»[32].

بەختیار عەلی لە گفتوگۆکەی نەبەز گۆراندا دەڵێت «کاتێك هەندێك کەس تووتی ئاسا ئەوە دووبارەدەکەنەوە کە ئێمە کۆنزەرڤاتیڤمان نییە، خۆشـیان نازانن دەڵێن چی، کلێشـەیەکە گرتوویانە بە دەمییانەوە و بێناوەڕۆك دووبارەی دەکەنەوە. کۆنزەرڤاتیڤیزم لە هەموو هێما و ڕسـتە و تێڕوانین و سـتایلی ژیان و بیرکردنەوەی ئێمەدایە»[33]. بە پێچەوانەی گوتەکەی بەختیار عەلییەوە، ئەمڕۆ لە هەر کات زیاتر ڕۆشـنبیری کوردی، شـانازی بە کۆنەپەرسـتیی خۆیەوە دەکات. بە ناوی پاراستنی کورد و خەمی نەتەوە و خۆشویستنی خۆماڵییەوە، داکۆکی لە کۆنەپەرسـتی دەکات و ناوی دەنێت داهێنان و ڕاڤەی تێکسـت و «تەوەر»کردنەوە بۆ ڕۆمانی کوردی. هەر نەبەز گۆران کە چاوپێکەوتنی لەگەڵ بەختیار عەلی کردووە، بەوانەی شـیعر و کولتووری بیانی تەرجومە دەکەن و مەترسی بۆ «پرسـە گرنگە خۆماڵییەکان» دروسـت دەکەن و «ژەهر بۆ ناو ماڵی کورد دەهێنن»، ناو دەنێت «جاش کولتوور»[34]. مایەی گومان و پرسیار نییە، تۆ لەگەڵ نووسەرێکی کۆنەپەرست، کتێب چاپ بکەیت و لە سـەنگەر و بەرەتدا بێت، نەیبینیت؟ یان ببینیت و لەبەرئەوەی لەگەڵتدایە، وەکو کۆنەپەرستیی نەبینیت؟

سێ گوزارشتی بەختیار عەلی لەم پەرەگرافەی سەرەوە دەخەمە ڕوو «تووتی ئاسا، خۆشیان نازانن دەڵێن چی، گرتوویانە بە دەمییانەوە». ڕەوایە پاش سی چل سـاڵ نووسـینی ڕۆمان و

وتار و شـــیعر، خاوەنی ئەو زمانە بیت؟ هەموو هێزی زمان و ســـەرنجی تۆ بەرانبەر بە کۆنەپەرســت هێندەیە؟ کێ لە ئێمە ناتوانێت بەرانبەر بە کۆنەپارێزی، باشـتر لەم ڕسـتە و دەســـتەواژانە بنووســـێت؟ ئەمەیە گەڕانەوە بۆ هێما لە دنیای ڕۆماندا؟ ئەمەیە کارکردن لە ئاماژە و ســـیمبول و مەدلولی ناو تێکســـت؟ ئەمەیە کارکردن لە زمان و ئاماژەناســـی پاش سۆسێر و باختین و جاکۆبسن و ڤیتگنشتاین و هایدیگەر و ئالتۆسێر و لاکان و دێریدا؟

هایدیگەر، ئەم جۆرە قســـانەی بەختیار عەلی بە «گوتنی لەکارکەوتوو» ناو دەبات. گوتنی لەکارکەوتوو بێبناخەیە و دەلالەت لە دەرخستنی ڕاستییەکی نوێ ناکات، بۆیە لە نێو خەڵکدا بە ئاسانی بەکار دەهێنرێت، یان «ئەوان» بەبێ جیاوازی بەکاری دەهێنن و هایدیگەر دەڵێت «گوتنێکە هەموو کەسێك دەتوانێت شەنەی تێدا بکات». چونکە لە بەکارهێنانیدا تاکەکان هەمان باس دەجوونەوە، بەبێ ئەوەی شـــتێکی نوێ دەربڕن و ڕاڤەیەکی نوێیان بۆ مژارە باسکراوەکە هەبێت. ئەم جۆرە زمانە ناتوانێت بە تێگەیشـتنەوە واتای بوونی مرۆڤ لەوێدا و ڕاســـتیی «بوون» دەربخات، بەڵکوو واتا و ڕاســـتییەکە پەردەپۆش دەکات، پێشـــتر چەند جارێك باســـکراوە و ئاشـــکرایە. کەس ئامادە نییە تێڕوانینێکی نوێی بۆی هەبێت. بوون بە خاوەنی تێڕوانینی نوێ و دەربڕینی ڕاستییە جیاوازەکان سەر بە بوونی ڕەسەنی دازاینە، کە بە تێگەیشتن و بەرپرسیارێتییەوە زمان دەخاتە گەڕ[35].

لەبارەی پابەندبوونی بە چیرۆکە فۆلکلۆری و بەها میللییەکانەوە بەختیار عەلی دەبێژێت «چیرۆکی میللی کوردی، شـــانۆیەکی ئێجگار گەورەی دەرخســـتنی هێز و توانای مرۆڤە سادەکانە، من لە ئەدەبیاتی خۆمدا زۆر هەوڵمداوە دڵســـۆزی ئەو ڕەهەندە بم و لەســـەری بمێنمـەوە». کـەمێك دواتر دەڵێـت «جـارێکیـان بـە هـاوڕێیـەکم گووت: جـەلادەتی کۆتر پاڵەوانێکە لەســـەر فۆرمی پاڵەوانی حیکایەتە میللییەکانی کورد، بەڵام هەســـتمکرد تێناگات باسی چی دەکەم»[36]. وەکو بەختیار عەلی خۆی ئاماژەی پێ دەدات، سەرچاوەی نووسین و کارەکانی، حیکایەتی میللی و فۆلکلۆری کوردین. بایەخ بەو بەهایانەدا دەدات، کە لە میللیدا باون و پاڵەوانی وەکو جەلادەتی کۆتر، لەســـەر فۆرمی پاڵەوانی حیکایەتە میللییەکانە. ئەی داهێنان و نوێگەری دەکەونە کوێوە؟ نووســـەر چیرۆکی میللی و فۆرمی پاڵەوانی میللی و حیکایەتی گوێ ئاگردان ســـەرچاوەی بن، لە کوێدا بەهای باو، پێوەری ژیانی ڕۆژانە، نەریتی

کۆمەڵ، سەلیقە و چێژی جەماوەر، زمانی ڕاستەوخۆ و زانراو، کلێشەکان بە جێ دەهێڵێت و نوێ دەبێتەوە؟

لەبارەی پابەندیی ڕوانینی کۆمەڵ بۆ پرسە ئەخلاقییەکان، بەختیار عەلی دەڵێت «هەموو ئەو پرسیارە ئەخلاقیانەی لەم سەردەمەی ئێمەدا بایەخدار و جێگای تێڕامانن، شوێن تێڕامانی منیش بوون»[37]. بەپێی گوتەکەی، جیاوازی لە تێگەیشتن و ڕوانینی کۆمەڵ بۆ پرسە ئەخلاقییەکان، لەگەڵ هیی بەختیار عەلیدا نییە و بگرە کێشەی لەگەڵ ئەو ڕوانینە گشتی و کلێشاییانە نییە، کە ئەمڕۆ بایەخدارن، پێیانەوە پابەندە و شوێنی ڕامانی ئەون. واتا ئەوەی بەختیار عەلی بیری لێ دەکاتەوە، هەمان ئەو شتەیە کە کۆمەڵ بیری لێ دەکاتەوە. ئەوەی بۆ کۆمەڵ کێشەی ئەخلاقییە، بۆ بەختیار عەلیش هەر وایە. فریدریك نیچە پێی وایە ئەخلاقی باو، مرۆڤی نەخۆش خستووە و دەڵێت «لە بەرزاییەکانەوە، لە گۆشەیەکی دوورەوە، مرۆڤ لەوە تێ دەگات کە چی مرۆڤی نەخۆش خستووە، ژەهری ئەخلاقی باو (ئەخلاقە چەسپاوەکان)»[38].

هەروەها بەختیار عەلی دەڵێت «هیوا ئەوە نییە تا بینەقاقا لە قوڕاودا نوقم بیت و بڵێیت «حاڵم باشە، عەیبم نییە». ئەوە گەمژەییە، ئەوە بێهۆشبوونە، ئەوە سڕبوونە، ئەوە پەرچەکرداری مرۆڤی کۆلۆنیالیزەکراوی بەنجکراوە، تا بە هیوایەکی درۆ دڵی خۆی ئاسوودە بکات و نەتەقێتەوە». ئەمەیە زمانی بەختیار عەلی بۆ گفتوگۆ و فیکر و ئاشکراکردنی کۆد و نهێنی و ئاماژەکانی دنیای ڕۆمان. هەر لەوێدا دەڵێت «چەپەکانمان، ناسیۆنالیستەکانمان، دینییەکانمان، لیبراڵەکانمان، تێکڕا لە ڕابوردوودا دەژین». لەناو ئەو هەموو گروپ و دەستە و تاقمانەدا، کە هەزارانن و بەختیار عەلی دەڵێت «تێکڕایان»، ئەگەر تەنیا یەك کەس هەبێت لە ڕابوردوودا نەژی، کە بێگومان هەیە، ئەوا بۆچوونەکەی کورت دەهێنێت. ئایا ئەم زمانەی بەختیار عەلی، هەمان کلێشەی ناو زمانی میدیای دەسەڵات نییە؟ هەر لەوێدا دەڵێت «نائومێدیی ئێستا تاکە کەرەستەی ئاگادارکردنەوەیە، تاکە زەنگێکە بشێت بە دەنگی بەرز پێمان بڵێت: ئێمە بەرەو خەرەندی مێژوو دەڕۆین»[39]. ئەوەی کۆمەڵ لە بەردەم هەرەس و کەوتنە، بەرەو خەرەندی مێژوو دەڕۆین، ئایا هەمان گوتاری ئەپۆکالیپس (قیامەتگەرایی)ی پێشووی فاروق ڕەفیق نییە، کاتێك دەیگوت ماڵی کورد لێکترازاوە و ویژدانی بیمارە و لە بەردەم کەوتندایە و بەختیار عەلی ڕەخنەی لێ دەگرت؟ ئایا پێشتر گوێمان لەو

گوتانە نەبووە، لە وتاری قەشـە و پیاوانی ئایینەوە، کە بەردەوام زەنگی پەسـڵان لێ دەدەن و مزگێنی هاتنی ڕۆژی دوایی دەدەن؟

هەر لەم دەورانی کەوتن و ئاوابوونەدا، بەختیار عەلی دەڵێت «ئەوەی داوا لە نوسـەر بکەیت، بۆئەوەی خوێنەر بە خەیاڵی ئاسـوودەوە بخەوێت، تێکسـتی درۆ و گەشـبینانە بنوسێت، بێڕەوشترین جۆری داواکارییە لە نوسەرێکی بکەیت»[40]. ئایا بە ڕەوشترین جۆری داواکاری لە نووسـەر لای بەختیار عەلی چ واتایەك دەگەیەنێت؟ لە کوێدا و چۆن ڕوونی کردووەتەوە، تا بۆمان دەربکەوێت، بێڕەوشتانەترین جۆری داواکاری لە نووسەر، نووسینی تێکستی گەشبینانەیە؟ ئەگەر دوالیزمی وەکو «گەشبینی و ڕەشبینی، چاکی و خراپی، ڕەش و سپی، ڕەوشت و بێڕەوشتی» لەم نووسەرانە بسەنیتەوە، ئیدی چۆن دەژین و لەبارەی چییەوە دەنووسن؟

بەختیار عەلی بەوانەی، کە ڕەخنە لە ئیش و ئەدەبەکەی دەگرن، دەڵێت «کۆنەپەرست». گوتوویەتی «لە ڕاستیدا هەوڵمدا هەموو شتێك بۆ خۆم و بە جۆرێکی تایبەت دروستبکەمەوە، چ زمان و چ ڕێزمان، چ فۆرمی شیعر، چ شێوازی گێڕانەوە، چ پرسیارە مەعریفییەکان... هەموو شتێك، بەس بۆ خۆم. ڕەنگە ئەوە هۆکاری قەبووڵکردنی من و هۆکاری ڕەتکردنەوە توندەی عەقڵە کۆنزەرڤاتیڤەکانیش بێت بۆ ئیش و ئەدەبیاتی من»[41]. چ نووسەرێکی داهێنەر قسەی وا دەکات؟ کێ دەڵێت ئەوەی منی قبوڵ نەکرد، کۆنەپەرستە و ئەوەی منی قبوڵ کرد، کۆنەپەرستە نییە؟ کێ بڕیار لەسـەر کۆنەپەرستیی ئەوانی دی دەدات؟ بە چ پێوەر و میتۆدێك؟ بۆچی ڕەتکردنەوەی بەختیار عەلی، کۆنەپەرستی بێت و ستایشکردنی کۆنەپەرستی نەبێت؟

ئەگەر کتێبی (مرۆڤی یاخی)ی ئەلبێر کامۆ بخوێنینەوە، لای ئەو فەیلەسـوفە، یاخیبوون و شۆڕش دوو هەڵوێست و دیاردەی جیاوازن. تەنانەت ئەوە یەکێکە لەو کێشە سەرەکییانەی کامۆ کاری لەبارەوە کردووە. کەچی بەختیار عەلی یاخیبوون و شـۆڕش بە یەك دادەنێت و دەڵێت «ئەدەبی من هەوڵێکە بۆ تێڕامان لە ئەگەرەکانی شۆڕش و یاخیبوون لە سەردەمێکدا شـۆڕش و یاخیبوون بە مانا سـیاسـییەکەیان ڕووبەڕووی قەیرانێکی مێژوویی دەبنەوە»[42]. بەختیار عەلی، شـۆڕشـگێڕ و یاخی وەکو یەك دەبینێت و دەناسـێت و دەڵێت «یەکێك لە کێشـە قووڵەکانی خۆرهەڵات، بێتوانایەتی لە بینینی ڕەگەزی شـۆڕشـگێڕدا لە تاکە

یاخییەکاندا». «شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە سەرەتا تاکێکی یاخییە»[43]. لە کاتێکدا بە کاریگەری ئەلبێر کامۆ بیلێین، شۆڕش ڕواڵەتی و جەماوەرییە، بەڵام یاخیبوون تاکێتی و قووڵاییە.

لای ئەلبێر کامۆ، جیاوازیی نێوان مرۆڤی یاخی و شۆڕشگێڕ بەم جۆرەیە «مرۆڤی یاخی، خاوەنی عەقڵێکی سەربەخۆ و ئازادە، لە کاتێکدا شۆڕشگێڕ پاوانخوازە و کوشتن بە عەقڵانی دەکات. شۆڕشگێڕ سەرسام دەبێت بەو پاوانخوازەی کە لە دژی ڕاپەڕیوە، کاریگەرە بە شێوازە ئایدیۆلۆژییەکانی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخ و ئەوانەی جیاواز و ژێردەستەن. کار دەکات بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات. بەڵام مرۆڤی یاخی، مرۆڤێکی ئازادە و ڕەتی دەکاتەوە ملکەچی عەقڵی دەستەجەمعی و ئایدۆلۆژیاکان بێت. کەسێک کە لەگەڵ ئازادییە گشتییەکان هاوڕایە و دژی مۆنۆپۆلکردنی دیموکراسییە بۆ گەیشتن بە ئامانجە پاوانخوازەکان. مرۆڤی یاخی کەسێکە لە لە سیاسەتی ملکەچی و پەیوەستبوون بە حیزب و ئایین، یان بزووتنەوەیەکی سەپێنراو یاخی دەبێت»[44].

ئەلبێر کامۆ لە کتێبی (مرۆڤی یاخی)دا دەنووسێت: شۆڕش ئەو جوڵەیەیە، کە ڕەوتی بازنەیی تەواو دروست دەکات و دوای خولێکی تەواو، لە حکومەتێکەوە بۆ حکومەتێکی دیکە دەچێت. هیچ شۆڕشێکی ئابووری نییە، ئیدی شۆڕشی خوێناوی یان ئاشتیخوازانە بێت، هاوکات سیاسیش نەبێت. ئەو ڕستە بەناوودەنگەی ئاراستەی لویسی- شازدە دەکرێت «نەخێر خاوەن شکۆ، ئەمە یاخیبوون نییە، بەڵکو شۆڕشە». جەخت لەسەر ئەو جیاوازییە دەکاتەوە. شۆڕش گونجاندنی بیرۆکەیە لە ناو ئەزموونی مێژوویدا، بەڵام یاخیبوون ئەو بزاوتەیە لە ئەزموونی تاکەکەسییەوە بەرەو بیرۆکە دەڕوات. یاخیبوون تەنیا مرۆڤ دەکوژێت، بەڵام شۆڕش مرۆڤ و پرەنسیپەکانیش لە ناو دەبات[45].

**تێبینی:**

گوتەکانی بەختیار عەلیم، بە ڕێنووسی خۆی داناوەتەوە.

**سەرچاوەکان:**

(1) هەژار، هەنبانە بۆرینە، انتشارات سروش، تهران، 1384، لاپەڕە 190.

(2) گیوی موکریانی، کوردستان، دەزگای ئاراس، هەولێر، 1999، لاپەڕە 278.

(3) گۆســـتاڤ لۆبۆن، ســـایکۆلۆژیای جەماوەر، وەرگێڕانی: ئارام جەمال، مەکتەبی بیر و هۆشـــیاریی ی، ن، ك، ســـلێمانی، 2006، لاپەڕەکانی 63 و 85 و 88 و 93 و 118 و 131 و 133 و 213.

(4) ولیەم ڕایش، دەروونناسیی جەماوەریی فاشیزم، وەرگێڕانی: هەژار جوانرۆیی، مەکتەبی بیر و هۆشیاریی ی، ن، ك، سلێمانی، 2007، لاپەڕەکانی 158 و 282 و 286 و 288.

(5) گفتوگۆ لەگەڵ ئیمبێرتۆ ئیکۆ، ســـازدانی: لەیلا ئەعزەم زەنگەنە، وەرگێڕانی: هیوا قادر، دەزگای سەردەم، سلێمانی 2022، لاپەڕە 73 و 74.

(6) هێماکانی دونیای ڕۆمان، گفتوگۆ لەگەڵ بەختیار عەلی، سازدانی: نەبەز گۆران، ناوەندی ڕەهەند، سلێمانی، 2024، لاپەڕە 17.

(7) لۆدڤیگ فتگنشتاین، تراکتاتۆس، وەرگێڕانی: د. حەمید عەزیز، ناوەندی مێژوویی جەمیل ڕۆژبەیانی، سلێمانی، 2015، لاپەڕە 41 و 90.

(8) محەمەد کەمال، فەلسەفەی زمان، دەزگای سەردەم، سلێمانی، 2024، لاپەڕەکانی 380 و 400 و 448.

(9) https://en.wikipedia.org/wiki/Ludwig_Wittgenstein

(10) هێماکانی دونیای ڕۆمان، لاپەڕە 14 و 15.

(11) هـ، س، لاپەڕە 15.

(12) https://en.wikipedia.org/wiki/Linguistics

(13) کاروان عومەر کاکەســـوور، کوشـــتنی فیل و پاراســـتنی دوکانی شـــووشـــەوات، کتێبی ئەلکترۆنیی ماڵپەڕی ژنەفتن، هەولێر، 2022، لاپەڕە 27.

(14) فردیناند دی ســوســێر، کۆرســێك لە زمانەوانیی گشــتی، وەرگێڕانی: نەریمان عەبدوڵا خۆشناو، ناوەندی ئاوێر، هەولێر، 2018، لاپەڕەکانی 56 و 70 و 165.

(15) بەختیار عەلی، نەفرەتی نەوبەهاران، ناوەندی ڕەهەند، سلێمانی، 2024، لاپەڕە 68.

(16) هـ، س، لاپەڕە 82.

(17) میلان کۆندێرا، هونەری ڕۆمان، وەرگێڕانی: کەریم پەڕەنگ، دەزگای سەردەم، سلێمانی، 2008، لاپەڕە 70.

(18) بەختیار عەلی، نەفرەتی نەوبەهاران، لاپەڕە 197 و 198.

(19) کاروان عومەر کاکەسوور، ئاماژە فەلسەفییەکانی شێواز و شێوازناسی، کتێبی نووسیار، دانیمارك، 2024، لاپەڕە 102 و 103.

(20) https://en.wikipedia.org/wiki/Don_Quixote

(21) میلان کۆندێرا، وەســێتنامە خیانەت لێکراوەکان، وەرگێڕانی: کەریم پەڕەنگ، دەزگای سەردەم، سلێمانی، 2012، لاپەڕ 28 و 29.

(22) هێماکانی دونیای ڕۆمان، لاپەڕە 29 و 30.

(23) هـ، س، لاپەڕە 34.

(24) میلان کۆندێرا، پەردە، وەرگێڕانی: کەریم پەڕەنگ، دەزگای ئاراس، هەولێر، 2012، لاپەڕە 127.

(25) هـ، س، لاپەڕە 102.

(26) هێماکانی دونیای ڕۆمان، لاپەڕە 54.

(27) کاروان عومەر کاکەســوور، ئاماژە فەلســەفییەکانی شــێواز و شــێوازناسی، لاپەڕە 73 و 74.

(28) هێماکانی دونیای ڕۆمان، لاپەڕە 67.

(29) هـ، س، لاپەڕە 71.

(30) هـ، س، لاپەڕە 72.

(31) https://en.wikipedia.org/wiki/Politics_(Aristotle)

(32) ولیەم ڕایش، دەروونناسیی جەماوەریی فاشیزم، لاپەڕە 434.

(33) هێماکانی دونیای ڕۆمان، لاپەڕە 94.

(34) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: گۆڤاری شیعر، ژمارە 13، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، 2025، لاپەڕە 188 تا 192.

(35) محەمەد کەمال، فەلسەفەی زمان، لاپەڕە 405.

(36) هێماکانی دونیای ڕۆمان، لاپەڕە 109.

(37) هـ، س، لاپەڕە 128.

(38) /https://cultureproject.org.uk/kurdish/nietzsche-walking

(39) هـ، س، لاپەڕە 115.

(40) هـ، س، لاپەڕە 117 و 118.

(41) هـ، س، لاپەڕە 177.

(42) هـ، س، لاپەڕە 141.

(43) هـ، س، لاپەڕە 110 و 112.

(44) https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=585316

(45) ئەلبێر کامۆ، مرۆڤی یاخی، وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی، ناوەندی ئەندێشـــەــ، ســـلێمانی، 2012، لاپەڕە 166 و 167.